# دور الشبكات الاجتماعية في تشكيل وتوجيه الرأي العام دراسة نظرية تحليلية

توانا عثمان محمدامين
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان-العراق.
Twana.mohamedamen@su.edu.krd

محمد حسين شواني
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان-العراق.
mohammed.mohammed1@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: شبكات التواصل الاجتماعي، الرأي العام، وسائل الإعلام، النظريات الاجتماعية.

**كيفية اقتباس البحث**

محمدامين , توانا عثمان , محمد حسين شوانى , دور الشبكات الاجتماعية في تشكيل وتوجيه الرأي العام دراسة نظرية تحليلية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في ROAD

Indexed مفهرسة في IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

# Role of social networks in shaping and directing public opinion This is an analytical theoretical study

Twana Othman Mohamedamin
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq.
Twana.mohamedamen@su.edu.krd

Mohammed Hussein Shawani
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq.
mohammed.mohammed1@su.edu.krd

**Keywords** : Social networks, public opinion, media, social theories.

**How To Cite This Article**
Mohamedamin , Twana Othman , Mohammed Hussein Shawani , Role of social networks in shaping and directing public opinion This is an analytical theoretical study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
Social networks are one of the most important mechanisms for shaping and directing public opinion nowadays for the services they provide, they have made a significant difference in communication, they offered a gateway for every single member in the community to express their own opinions via this electronic space, interacting with various issues in their surrounding environment. From this point of view, as the importance and sensitivity of this phenomenon, we conducted this research entitled, The Role of social networks in the formation and direction of public opinion,

it is analytical theoretical research, the main goal of the research is to present the role of social networks in shaping and directing public opinion. It means the extent of social networks influence on formation and direction of public opinion. We have identified several objectives, these are: presenting the nature and characteristics of social networks, Explaining the constituent categories of public opinion in the Kurdistan Region, finding the links between social networks and public opinion in the Kurdistan Region, The research method is the descriptive analytical method. At the end of this research, we reached the main conclusions that social networks have the ability to shape and direct public opinion. For several reasons, these are: the existence of the system and particular algorithm that display specific information according to user preferences, the dissemination of information and news in a short time, the ability to gather the opinions of similar social groups, using public figures to influence the opinions of millions, offering equal opportunities for all members of society. Measuring public opinion instantly and directly. This study attempts to fill this scientific gap and to investigate the role of social networks in shaping and directing public opinion in the Kurdistan Region. Using scientific methods and objective analysis, this study aims to provide a comprehensive picture of this phenomenon and make an important contribution to our understanding of the impact of new communication technologies in Kurdish society

**الملخص:**

تُعدّ الشبكات الاجتماعية من أهم آليات تشكيل وتوجيه الرأي العام في عصرنا الحالي، إذ أحدثت، بفضل خدماتها، فرقًا جوهريًا في مجال التواصل. وقد أتاحت لأفراد المجتمع التعبير عن آرائهم ووجهات نظرهم حول القضايا المطروحة، وإثراء النقاشات. كما وفرت لهم فرصة التعبير عن آرائهم بحرية والتفاعل مع مختلف القضايا المحيطة بهم. ونظرًا لأهمية هذه الظاهرة وحساسيتها، أجرينا هذا البحث بعنوان (دور الشبكات الاجتماعية في تشكيل وتوجيه الرأي العام). مشكلة البحث الأساسية هي تحديد دور الشبكات الاجتماعية في تشكيل وتوجيه الرأي العام، أي مدى تأثيرها في هذا المجال. وقد حددنا عدة أهداف، منها: عرض طبيعة وخصائص الشبكات الاجتماعية، وشرح العناصر المكونة للرأي العام في إقليم كردستان، وإيجاد الروابط بين الشبكات الاجتماعية والرأي العام في الإقليم. واعتمدنا في هذا البحث المنهج الوصفي التحليلي. في ختام هذا البحث، توصلنا إلى استنتاجات رئيسية مفادها أن شبكات التواصل الاجتماعي قادرة على توجيه الرأي العام وتشكيله. ويعود ذلك لعدة أسباب، منها وجود أنظمة وخوارزميات خاصة تعرض معلومات محددة وفقًا لتفضيلات المستخدمين؛ ونشر المعلومات والأخبار بسرعة فائقة؛ والقدرة على جمع آراء فئات اجتماعية متشابهة؛ واستخدام المشاهير للتأثير على آراء الملايين؛ وخلق فرص متكافئة لجميع أفراد المجتمع؛ وقياس الرأي العام بشكل فوري ومباشر. تسعى هذه الدراسة إلى سدّ هذه الفجوة العلمية، وبحث دور الشبكات الاجتماعية في تشكيل وتوجيه الرأي العام في إقليم كردستان. وباستخدام

المناهج العلمية والتحليل الموضوعي، تهدف هذه الدراسة إلى تقديم صورة شاملة لهذه الظاهرة، والإسهام بشكلٍ فعّال في فهمنا لتأثير تقنيات الاتصال الحديثة في المجتمع الكردي.

## رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە


**توانا عثمان محمدامین**[1]

Twana.mohamedamen@su.edu.krd

07504859088

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**محمد حسين شوانی**[2]

mohammed.mohammed1@su.edu.krd-

(07504038426)

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.



**پوختە:**

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکن لە گرنگترین میکانیزمەکان بۆ دارشتن و ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە سەردەمی ئێستادا؛ بە هۆی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکەن، جیاوازییەکی بەرچاویان لە بواری پەیوەندیکردندا دروستکردووە، ڕێگەیان بە ئەندامانی کۆمەڵگا داوە، بیروبۆچون و دیدگای خۆیان بخەنەروو، بەرامبەر ئەو بابەتانەی لە کۆمەڵگادا وروژێنراون و گفتوگۆ دروستبکەن، لەم فەزا ئەلیکترۆنیەدا هەلی ئەوەیان ڕەخساندووە، بە ئازادی بۆچونەکانی خۆیان دەربرن، کارلێک لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەریاندا بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، بەهۆکاری گرنگی و هەستیاری ئەم دیاردەیە، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا بە ناونیشانی، ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی، پرسی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە، لە خستنەرووی ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی. بەواتای تاچەند تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی. چەند ئامانجێکمان دەستنیشانکردووە لەوانە، خستنەرووی سروشت و تایبەتمەندییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان؛ ڕونکردنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان؛ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا؛ میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری، لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەو دەرەنجامە سەرەکییانەی، کە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان توانای ئاراستەکردن و پێکهێنانی ڕای گشتییان هەیە. لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە، بوونی سیستەم و ئەلگۆریتمی تایبەتی کە بە پێی ئارەزووەکانی بەکارهێنەر زانیاری دیاریکراو نیشاندەدەن؛ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان لە کاتێکی کەمدا، توانای کۆکردنەوەی بیرورای گروپە کۆمەڵایەتیە هاوشێوەکان؛ بەکارهێنانی کەسایەتیە بەناوبانگەکان بۆ کاریگەریکردن لەسەر ڕای ملیۆنان کەس؛ دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا. پێوانەکردنی ڕای گشتی بە شێوەی خێرا و ڕاستەوخۆ.



**کلیلە وشەکان:**

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕای گشتی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

**پێشەکی:**

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە یەکێک لە بەهێزترین فاکتەری کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و کۆرەفتاری کۆمەڵایەتی. ئەم پلاتفۆرمانە وەک Facebook، Twitter، Instagram، YouTube، TikTok نەک هەر ئامرازێکی پەیوەندی و دارشتنن، بەڵکو بونەتە دەرفەتێکی بێوێنە بۆ پەخشکردنی زانیاری، ئاڵوگۆڕی بیرۆکە، و دروستکردنی کۆمەڵگای مەجازی کە سنوورەکانی جوگرافی و کاتی تێدەپەڕێنێت.

ئەم تۆڕانە هەم دەرفەتێک دابین دەکەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بەشداریکردن لە گفتوگۆی گشتی، هەم ڕیسکی لەخۆگرتووە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە و کاریگەری نەرێنی لەسەر لەسەر بڕیارە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستانیشدا، ئەم تۆڕانە ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان گێڕاوە لە گۆڕینی ڕووکاری میدیایی و کۆمەڵایەتی. بە زیادبوونی خێرای ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و ئامێرە زیرەکەکان لە هەرێم، ئەم پلاتفۆرمانە بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لەلایەن بەشێکی فراوانی خەڵکەوە، بەتایبەتی نەوەی گەنج. لەهەمان کاتدا، ئەم تۆڕانە بوونەتە مەیدانێکی گرنگ بۆ گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی، شکڵپێدانی ڕای گشتی، و موبیلایزکردنی خەڵک بۆ چالاکیە جیاجیاکان. سەرەڕای گرنگی و کاریگەری ئەم تۆڕانە، هێشتا توێژینەوەی زانستی و ورد لەبارەی ڕۆڵیان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا لە هەرێمی کوردستان نەکراوە یاخود زۆر دەگمەنن. پێویستی توێژینەوەی ورد و زانستی زیاتر ئەنجامبدریت، بتوانێت ڕووناکی بخاتە سەر ئەم دیاردە گرنگە و یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنی باشتر لە شێوازی کارکردنی ئەم تۆڕانە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەم بۆشاییە زانستییە پڕبکاتەوە و بەدواداچونێکی ورد بکات لە ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا لە هەرێمی کوردستان. بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی و شیکردنەوەی بابەتیانە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە وێنایەکی تەواوی ئەم دیاردەیە و بەشدارییەکی گرنگ بکات لە تێگەیشتنی ئێمە لەبارەی کاریگەری تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی لە کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم توێژینەووەیە بەناونیشانی ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا، لە چوار بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم، باسی یەکەم، بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دەست پێدەکات گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە دەگرێتەوە. لە بەشی یەکەم، باسی دووەم، تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی چەمك و زاراوە زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە، کەبریتیین لە(تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕای گشتی)، بەشی دووەم، خستنەڕووی تیۆرە شیکەرەوەکانی پەیوەندی نێوان میدیا و ڕای گشتی لە خۆ دەگرێت، لەوانە، تیۆری ڕێکخستنی کارنامە، تیۆری دوو لێشاوی پەیوەندی، تیۆری خولگەی بێدەنگی. بەشی سێیەم پێکدێت لە ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی. لە بەشی چوارەم و کۆتایی، ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

**1- ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکە کان:**

لەم بەشەدا کە بە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان ناسراوە، لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا واتا ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە، باس لە گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت. باسی دووەم، دیاریکردنی چەمکەکان، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ناونیشانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

**1-1-ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**1-1-1-گرفتی توێژینەوەکە:**

دەستنیشانکردنی گرفتی توێژینەوە، بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە توێژەر دەزانێت بەدوای چارەسەرکردن یاخود ڕوونکردنەوەی چ پرسێکەوەیە، پێویستە توانا ماددی و هزری و جەستەیی و کاتی گونجاو ڕەچاو بکات. لێرەوە دەتوانین گرفتی ئەم توێژینەوەیە دیاریبکەین کە بریتییە لە خستنەرووی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی.

**2-1-1-گرنگی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە زانستییەکان گرنگییەکەیان لە دوو لایەندا دەردەکەون، یەکەمیان لایەنی تیۆری، دووەمیان لایەنی پراکتیکی. لەڕووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوانە دەبنە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبونی مەعریفەی زانستی. هەروەها دەبنە هۆی دەوڵەمەندی زمان و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان و گەشەپێدانی تیۆرەکانی ئەو کایە زانستییەی تایبەتە بە بواری توێژینەوەکە؛ سەبارەت بەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدرێت ، ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.بخرێتە ڕوو؛ ئەمەش لەڕووی زانینی سروشت و تایبەتمەندی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و ناسینی تایبەتمەندی و شێوازی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا، کەدواجار ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ دارشتنی پێناسە و گریمانەی زانستی و تێوری نوی، لەم بوارەدا. دووەم لە لایەنی پراکتیکییەوە، دەکرێت ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان پێی دەگەن، وەکو میکانیزمێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەی کاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، دەکرێت سوود لە دەرەنجامەکانی وەربگیرێت بۆ دیاریکردنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە بە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەکۆی گشتی ئەم جۆرە توێژینەوەیە بناغەیەکی گرنگ دادەنێت بۆ دارشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی تەندروست؛ هەروەها یارمەتی تێگەیشتنی قووڵتر دەدات لە دینامیکی کۆمەڵگا، چۆنیەتی کاریگەری فاکتەرە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی تەندروست.

**3-1-1-ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

پێویستە توێژینەوەی زانستی چەند ئامانجێکی هەبێت، کە دەخوازریت لە میانەی توێژینەوەیدا پێی بگات، بۆیە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە شێوەی چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١- خستنەرووی سروشت و تایبەتمەندییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- رونکردنەوەی رەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان.

٣- دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.

**2-1- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

چەمك واتە کۆمەڵێك هێمای دیاریکراو، بۆیە لەسەرەتای توێژینەوەکەدا، پێویستیان بە ناساندن و شیکردنەوەی ماناکانیان هەیە، تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسان پرۆسەی گواستنەوەی ماناکان لە هزری توێژەرەوە بگاتە خوێنەر. (شوانی، 2015: 221)، لەم توێژینەوەیەدا، بەپێی تێڕوانین و بۆچونی پسپۆڕان، دەمانەوێت هەریەك لە چەمکەکانی(تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕای گشتی) بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو.

**1-2-1- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان: (الشبكات الاجتماعية - Social networking)**

چەمکی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ماڵپەڕ لە نێو تۆری ئینتەرنێت کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێبدا دەرکەوتوون، یان ئەوەی بە (وێبی دووەم)ناسراون، کە ڕێگە بە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەدات لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی مەجازیدا بەپێی گروپە بەرژەوەندیخوازەکان یان

تۆڕەکانی پەیوەندی لەنێو(وڵات، زانکۆ، قوتابخانە، کۆمپانیا ...هتد)، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ وەک ناردنی نامە یان بینینی فایلە کەسییەکانی کەسانی دیکە و زانینی هەواڵ و زانیارییەکانیان بۆ پێشاندان دەیانخەنە بەردەست. (الشهری 2012، ص7) .

کۆمەڵناسی ئیسپانی مانوێل کاستێلس Manul Castells، پێیوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەی کۆمەڵایەتی سەردەمی زانیارییە، تەمەنی کۆمەڵگەی تۆڕەکانە کە لە تۆڕەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵات و ئەزموون پێکهاتووە. ئەم تۆڕە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە بنیاتنانی کولتوورێکی مەجازی لە چوارچێوەی ڕەوتی جیهانگیریدا، کە چەمکی کات و شوێن تێدەپەڕێنێت.( ابتسام، خديجه 2022، ص14)

سۆشیال میدیا، گەشەسەندن و فراوانبوونی دینامیکی بەخۆیەوە دەبینێت، وەک کۆمەڵگەیەکی بچووک، لە ئامرازێکی میدیایی لەسەر بنەمای دەقەوە گۆڕاوە بۆ پلاتفۆرمی میدیایی بینراو و بیستراو کە کاریگەری لەسەر بڕیار و وەڵامەکانی بەکارهێنەرانی هەیە. ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی گروپە بەهێزەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە تێگەیشتنە بیستراو و بینین و هەستیارەکانی تاک کەڵک وەردەگرن، بەکارهێنەر و تێڕوانینەکانیان وەک توخمە گرنگەکان لە پرۆسەکەدا بەکاردەبرێن. بەو پێیەی سۆشیال میدیا ئاسانکاری بۆ بەشداریکردن کردووە، ڕێگەی بە هەر گروپێک داوە بیروکانی خۆی دەربڕێت و بەشداری چالاکییەکان بکات، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە کۆکردنەوە و کارلێککردن و کاریگەری لەسەر تاکەکان لە ڕێگەی کەناڵە نافەرمیەکانەوە. هێزی گۆڕینی وشە و بیرۆکە و ڕێنماییەکانی هەیە بۆ پرۆژەی بژاردەیی کە ئامادەن بۆ جێبەجێکردن؛ نێرەر و وەرگر لەناو کەناڵێکی پەیامی دیاریکراودا کارلێک دەکەن، پەیوەندی و کاریگەری لەخۆدەگرێت، کاریگەری ڕەفتار لەسەر وەرگر ئاشکرا دەکات، جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی.(عابد 2012، ص395)

هەروەها بە میدیایەک ناسراوە کە زانیاری لە نێوان ئەو ئامێرانەدا دەگوازێتەوە کە بە سیستەمی کۆنترۆڵکردنی داتا و پرۆتۆکۆڵ و ناونیشانی تایبەت بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ڕێگە بە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەدات لە ژینگەیەکی کۆمەڵگەی مەجازیدا. فۆرم و ئامانجی تۆڕەکان جیاوازن، هەندێکیان گشتین، ئامانجیان پەیوەندی گشتی و دروستکردنی هاوڕێیەتییە، هەندێکی دیکەشیان لە دەوری پێکهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە و سنووردار دەبن بە بوارێکی دیاریکراو.( توفیق، ٢٠١٨، ص٨)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی کارایی(ئیجرائی)، بۆ چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمە، دەتوانین بڵێین، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بریتین لە تۆرێکی ئۆنلاین، بۆ ئاسانکاری پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان بەکارهێنەران داڕێژراون، چەندین جۆر خزمەتگوزاری لەشێوەی دەق، وێنە، ڤیدیۆ یان بەستەر(لینک)، لەنێوان بەکارهێنەرانیدا ئاڵوگۆر پێدەکات؛ لە تۆرە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان بریتیین لە فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی رای گشتی کۆمەڵگاکانی سەردەمی ئێستادا هەیە.

**1-2-2- رای گشتی: (الرأي العام - public opinion)**

رای گشتی، ئاراستە و کاردانەوەی دەستە جەمعی بەشێکی زۆری کۆمەڵگایە، بەرامبەر بە ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی کە بۆیان گرنگ و هەستیارە.(محمد، 97)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

چەمکی ڕای گشتی لە چەمکی بڕیاردانی بەکۆمەڵ وەرگیراوە، لە وەڵامی کێشەکانی حوکمدانی بەکۆمەڵ و بڕیاردان دروست بووە؛ بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاوێژکارییەوە، واتە لە ڕێگەی گفتوگۆ و مشتومڕ لە نێوان هاووڵاتییان، لە ژێر بارودۆخی کراوەیی، دادپەروەری، ڕێزگرتنی یەکتر و خەمی خۆشگوزەرانی هاوبەش.(Price, V. & Neijens 1997, 339)

فەرهەنگی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان، ڕای گشتی بەو بۆچون و ئاراستە و هەستە گشتیانە دەناسێنێت، کە لە نێوان ئامادەبووانێکی دیاریکراودا، لە کاتێکی دیاریکراودا، سەبارەت بە دۆخێک یان کێشەیەک دروست دەبن.(الجاسور ۲۰۲۳, ۳۰۰). دەربڕینێکە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە دەردەچێت بۆ ڕێککەوتن، پشتگیریکردن یان دژایەتیکردنی پرسێک، دۆخێکی دیاریکراو، کەسێکی دیاریکراو، یان پێشنیارێکی دیاریکراو کە گرنگییەکی بەربڵاوی هەیە لەکۆمەڵگادا، لەڕووی ژمارەوە بێت، یاخود هێز، یان بەردەوامی پێکەوە؛ ئەمەش ئەگەری ئەنجامدانی کردارێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەدوای خۆیدا دەهێنێت؛ کە لەدەوری ئەو بابەتە کۆدەبێتەوە کە بەهۆیەوە ئامانجەکە بەدەستدێت. دەکرێت بۆچونی زاڵ بێت لە نێوان زۆرینەی خەڵکێکی هۆشیار، کە تێیدا مشتومڕ و گفتوگۆ بەکاردەهێنرێت؛ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی ئەم زۆرینەیە یاخود بەها مرۆییەکانی دەبێت.(جاسم ۲۰۲۰, ۳)

لە پێناسەیەکی کارایی(ئیجرائی)، دەتوانین بڵێین چەمکی ڕای گشتی، ڕای زۆرینە یاخود بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگایە، سەبارەت بە دیاردەیەک، کێشەیەک، بابەتێک، کە پەیوەندی بە ژیانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە؛ شێواز و ئاراستە و ڕاددەی بەهێزی ڕای گشتی، دەوەستێتە سەر بنەمای پاشخانی کۆمەڵایەتی ئەندامانی پێکهێنەری ڕای گشتیی؛ سەبارەت بە ئاستی هەستکردن بەو پێداویستییانە و چۆنێتی داخوازیکردن یان بە دەستهێنانیان.

**3- توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەخستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر دەتوانێت سوودمەندبێت لەو زانیاری و ڕێوشوین و میتۆد و بوارەکانی توێژینەوە و نموونە و گرنگترین ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەی پێیگەیشتوون، بەمەش پێویست دەکات توێژەر ئاگاداری ئەو توێژینەوانە بێت کە پێشتر، لێرە و لەوێ ئەنجام دراون لە هەمان بوار یان لەو بوارانەدا کە هاوشێوە و نزیکن لە توێژینەکەیەوە.(بۆکانی،2020 ، 49)، تاوەکو وەک بنەمایەك سوودیان لێببینین؛ لێرەدا بە کورتی دیانخەینە ڕوو:

3-1- توێژینەوەی فیضی، انمار وحید 2020، بەناونیشانی، ماڵپەرە کۆمەلایەتییەکان و کاریگەریان لەسەر پیکهینانی رای گشتی لەهەمبەر پرسە سیاسیەکان* ئەنجامدراوە، گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوە بریتیین لە، ڕۆشنایی خستنە سەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کە پەیوەندی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکدا دادەنێن و ڕای گشتی کارلێککارانە لە قاڵب دەدەن. دیاریکردنی گرنگی جیاوازی لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بەسەر پلاتفۆرمێکی تردا بە پشتبەستن بەم گۆڕاوە دیمۆگرافیانە: ڕەگەز، ئاستی خوێندن و داهاتی مانگانە؛ ئاشکراکردنی ئارەزووەکانی وەڵامدەرەوەکان بۆ کام پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا. کۆمەڵگای توێژینەوە(دانیشتوانی چەند گەرەکێکی شاری بەغداد)ە. نموونەی توێژینەوەکە(400) کەسە، بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-ڕۆپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)، ئامرازی(فۆرمی ڕاپرسی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، توێژەر گەیشتووە بەم دەرەنجامانە، زۆرینەی لێتوێژراوان ئارەزویان بۆ بەکارهێنانی سۆشیال

---

*فیضی، انمار وحید، 2020، مواقع التواصل الاجتماعی و تاثیرها فی تشکیل الرای العام ازاء القضایا السیاسیة، مجلة الاداب، ملحق العدد (134)، ایلول ص-ص 535-552.

میدیا، بەتایبەتی فەیسبووک، بە شێوەیەکی ڕۆژانە و زیاتر لە سایتەکانی دیکە نیشانداوە. لێتوێژراوان پێیانوایە فەیسبووک دەستڕاگەیشتنێکی زیاتریان بۆ زانیارییەکان دابیندەکات لە چاو پلاتفۆرمەکانیتر بەهۆی گرنگیدان بە ناوەڕۆکی بیناو لەبری خوێندراوە.

2-3 توێژینەوەی، یمینة، عرباوی 2021، بەناونیشانی ڕۆڵی کەسایەتییە کاریگەرەکانی ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرکردایەتیکردنی رای گشتی لە جەزائیر*، کە گرنگترین ئامانجەکانی بریتیین لە، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی شێوازەکانی بەکارهێنەران کە شوێن کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا دەکەون. تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت بەکارهێنەرانی شوێنکەوتنی کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا؛ کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردن و ئاراستەکردنی رای گشتی. کۆمەڵگای توێژینەوە(شاری ورقلة). نموونەی توێژینەوەکە(80) کەسن لە دانیشتوانی شار، بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)، ئامرازی(فۆرمی راپرسی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە ، توێژەر گەیشتووە بەم دەرەنجامانە: زۆربەی شوێنکەوتوانی کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا ئامانجیان زیادکردنی زانیارییە سەبارەت بەو پرسە جیاوازانەی نێو کۆمەڵگاکانیان، وەک پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناوخۆییەکان، نیگەرانی کۆمەڵگا و هاووڵاتیانی دەکەن. کاریگەرەکان بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی پێشنیاریان دەکەن کارلێک لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیان، سۆشیال میدیا ڕێگەی بە کاریگەرەکان داوە بیرۆکەکانیان بە ئازادی و بوێرییەکی زیاترەوە پێشنیار بکەن، دوور لە سنووردارکردن. بەمەش ڕۆڵیان هەیە لەسەر پێکهێنانی رای گشتی کاریگەر لە کۆمەڵگادا.

3-3- توێژینەوەی، العتیبی، نوف خالد 2021، بەناونیشانی، ڕۆڵی ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی ئاراستەکانی رای گشتی سعودییە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستیە سەرکردایەتییەکان لەلایەن ئافرەتانەوە- ماڵپەڕی تویتەر بەنموونە*. لە ئامانجە گرنگەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە، پێوانەکردنی کاریگەری ئەو بۆچوونانەیە کە لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای وەک تویتەردا تاتوتوێ دەکرێن؛ لەسەر ڕای گشتی سعودی سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی ژنانی لەو کۆمەڵگایە. هەروەها هەوڵ دەدات چاودێری ئاستی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و گرنگی هەستپێکراوی ئەو پرسانە بکات کە پەیوەستن بە دیدگای ژنان لە نێو ڕای گشتی سعودیەدا، دەستنیشانکردنی ئەو بۆچوونانەی کە لە سۆشیال میدیادا دەخرێنە ڕوو، سەبارەت بە ئاستەنگەکانی ڕێگری لە ژنانی سعوودی بۆ گرتنەبەری پۆستی سەرکردایەتی. کۆمەڵگای توێژینەوە(بەکارهێنەرانی تۆری تویتر لە سعودیە)ە. نموونەی توێژینەوەکە(300) کەسە، لە نێرو مێ، بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری(فۆرمی راپرسی) بەکارهاتووە، توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرەنجامێک لەوانە، زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە تویتەر وەک سەرچاوەی زانیاری بەکاردەهێن. لەنێو ئەو مەبەستانەی کە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە بەدەست دەهێنن، بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی ژنان، بەشداریکردن لە نووسینی بۆچوونەکانیان لەسەر ئەم بابەتە و

*یمینة، عرباوی، 2021، دور المؤثرین علی مواقع التواصل الاجتماعی فی قیادة الرای العام فی الجزائر. بحث الماجستیر غیر منشورة، جامعة قاصدی مرباح ورقلة، کلیة العلوم الانسانیة و الاجتماعیة، قسم العلوم الاعلام و الاتصال.

*العتیبی، نوف خالد، 2021، دور مواقع التواصل الاجتماعی فی تشکیل اتجاهات الرای العام السعودی نحو تولی المرأة للمناصب القیادیة (تویتر انموذجا). مجلة العلوم الانسانیة و الاجتماعیة، المجلد(5). العدد(4): 30 مارس 2021، ص-ص90-111.

گفتوگۆكردن لەسەری لەگەڵ هاوڕێكانیان؛ بەمەش توڤیتر وەک یەكیک لە ئامرازەكانی سۆشیال میدیا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە پیكهێنانی و ئاراستەكردنی رای گشتی لە کۆمەڵگادا.

3-4-4- توێژینەوەی، سواستنینگ، عەزیز، دارتا، 2024، ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە داڕشتنی ڕای گشتیدا، توێژینەوەیەكی بەراوردكارییەكی شیكاریی لەنێوان پلاتفۆرمی میدیای نەریتی و دیجیتاڵی*، لەلایەن گۆڤاری زانستی ئەكادیمی، بڵاوكراوەتەوە؛ لە ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە داڕشتنی ڕای گشتیدا دەكۆڵێتەوە، لە ڕێگەی پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی چۆنایەتییەوە، بەراوردی پلاتفۆرمە میدیاییە تەقلیدییەكانی كردووە. ئەم توێژینەوەیە بابەتگەلی سەرەكی سەبارەت بەوەی كە چۆن سۆشیال میدیا كاریگەری لەسەر رای گشتی هەیە، كۆمەڵگاكان كۆدەكاتەوە و بڵاوبوونەوەی زانیاری ئاسان دەكات؛ جگە لەوەش، شیكارییەكە لایەنی نەرێنی بەرچاو ئاشكرا دەكات، لەوانەش بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و ژوورەكانی دەنگدانەوە، كە دەتوانێت ڕای گشتی بشێوێنێت و گوتارەكانیان جەمسەرگیری بكات.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی پێداچونەوەی ئەدەبیاتی چۆنایەتی بەكارهێناوە؛ بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە داڕشتنی ڕای گشتی، بە تایبەتی بەراوردكردنی پلاتفۆرمی میدیای تەقلیدی و دیجیتاڵی. داتای نموونەی توێژینەوەكە لە گۆڤارە ئەكادیمییەكان و كتێبەكان و سەرچاوە ئۆنلاینە بەناوبانگەكانی پەیوەست بە توێژینەوە میدیایی و كاریگەری لەسەر ڕای گشتی و پەیوەندییە دیجیتاڵییەكان بەدەستهاتوون. گەڕانێكی سیستماتیكی بە بەكارهێنانی بنكەدراوە ئەكادیمییەكانی وەک گووگڵ سكۆلار، جەی ئێس تیۆر و پرۆكوێست ئەنجامدراوە، بۆ دەستنیشانكردنی ئەدەبیاتی پەیوەندیدار كە لە دەیەی ڕابردوودا بڵاوكراونەتەوە.

كۆكردنەوەی زانیاریەكان پرۆسەی هەڵبژاردنی وردی لەخۆگرتووە، كە بابەتەكان لەسەر بنەمای پەیوەندیدارێتی، توندی میتۆدۆلۆژی و بەشداریكردنیان لە تێگەیشتن لە داینامیكی نێوان میدیای نەریتی و دیجیتاڵی لە رای گشتیدا ئاماژەی پێكراوە. بە گشتی (30) بابەتی زانستی پێداچوونەوەی بەراوردكاریيان بۆ ئەنجامدراوە. تەكنیكی سەرەكیی بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان شیكاری بەڵگەنامەكان بووە، كە ڕێگەی دا بە پشكنینی قووڵی ئەدەبیاتی هەبوو بۆ كۆكردنەوەی بابەت و چەمكە سەرەكییەكان سەبارەت بە كاریگەریی میدیا لەسەر رای گشتی كراوە.

ئەنجامەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە لە كاتێكدا سۆشیال میدیا دەرفەتەكان بۆ بەشداریكردنی فراوانتر و دیدگای جۆراوجۆر دەڕەخسێنێت، پێویستی بە خوێندنەوەیەكی ڕەخنەگرانە هەیە لە نێوان بەكارهێنەران بۆ گەشتكردن بە ئاڵۆزییەكانی دیمەنە زانیارییە دیجیتاڵییەكان. ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە گوتاری بەردەوام دەكات، لەسەر توێژینەوەكانی میدیا بە پێشكەشكردنی تێڕوانینێكی گشتی گشتگیر لە كاریگەرییە بەراوردكارییەكانی پلاتفۆرمی میدیای نەریتی و دیجیتاڵی لەسەر پێكهاتنی ڕای گشتی. دۆزینەوەكان جەخت لەسەر پێویستی لێكۆڵینەوەی زیاتر لە كاریگەرییە ئەخلاقییەكانی بەكارهێنانی سۆشیال میدیا و توانای داڕشتنی پرۆسەی دیموكراسی بە پێویست دەزانێت.

**3-5-تاوتوێكردنی توێژینەوەكانی پێشوو:**

---

* Swastiningsih, Aziz, Dharta, Yuni 2024. The Role of Social Media in Shaping Public Opinion: A Comparative Analysis of Traditional vs. Digital Media Platforms. The Journal of Academic Science Vol 1 No 6 2024 || E-ISSN 2997-7258. p-p 620-626.

لەم توێژینەوەیدا چوار توێژینەوەی زانستی خراوەتەروو؛ یەکەمیان نامەی ماستەرە، سیانەکەیتر توێژینەوەی بڵاوکراوەیە لە گۆڤارە زانستییەکان. لێرەدا دەمانەوێت لەچەند خاڵێکدا گفتوگۆیان لەسەر بکەین و بەراوردیان بکەین بە توێژینەوەکەی خۆمان.

سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکان، بۆماندەرکەوت کە توێژینەوەی یەکەم، یەکێك لە ئامانجەکانی دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە، بریتییە لە رۆشنایی خستنە سەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کە پەیوەندی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکدا دادەنێن و رای گشتی کارلێککارانە لە قاڵب دەدەن. ئەمەش گونجا و کۆکە لەگەڵ ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکەمان. لەکاتێکدا توێژینەوەی دووەم، ئامانجی دووەمی، تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی بەکارهێنەرانی کاریگەرەکانی سۆشیال میدیا؛ کە رۆڵیان هەیە لە دروستکردن و ئاراستەکردنی رای گشتی ، گونجاوە لەگەل ئامانجی سییەمی توێژینەوەکەمان. سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەی سێیەم بەگشتی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەدا تیهەڵکێش دەبیت چونکە بەهەمان شێوە ئامانجی خستنەرووی پەویەندی نێوان سۆشیال میدیا و رای گشتییە لە کۆمەڵگادا. سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەی چوارەم، ڕۆڵی سۆشیال میدیای دیجیتاڵی بەبەراورد بەمیدیای تەقلیدی لە دارشتنی ڕای گشتیدا، گونجاوە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەمان کە هەمان ئامانجە بەڵام لەرووی بەروارردکارییەوە نییە.

لە رووی میتۆدی تویژینەوەکان، سێ لە توێژینەوەکان میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-رۆپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری(فۆرمی راپرسی) بەکارهاتووە، بەڵام لە توێژینەوەی چوارەم میتۆدی چۆنایەتی بەراوردکاری بەکارهێناوە، توێژینەوەکەی ئێمە تەنها میتۆدی وەسفی شیکاری بەکار هاتووە، کە تاراددەیەک نزێکە لە میتۆدی توێژینەوەی چوارەم. چونکە تویژینەوەکەمان، تیۆری شیکارییە و لایەنی مەیدانی نییە، بۆیە روپێوی کۆمەڵایەتی و فۆرمی راپرسی بەکارنەهێنراوە.

## 4- گرنگترین ماڵپەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان :

لەسەردەمی ئێستادا، رێژەی بەکارهێنەرانی ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەرزبونەتەوە، بەمەش رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە پێکهینان و ئاراستەکردنی رای گشتی، چونکە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبوو لە گەیاندنی هەواڵی خێرا، کورتەنامە، ڤیدیۆ کلیپ...؛ سەبارەت بە ڕووداو و گۆرانکارییەکانی جیهان، یارمەتیدەر بوو لە بەناوبانگبون و بڵاوبوونەوەی ئەم ماڵپەرانە کە گرنگترینیان بریتین لە(فەیسبووک، یوتیوب، و تویتەر). (الجبوري، ٢٠١٥، ص٥)لە خوارەوە بە کورتەباسێک هەر یەکەیان دەخەینە روو:

1-**فەیسبووک**: پێشەنگی جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، لە ساڵی(٢٠٠٤) دەستی پێکردووە، نزیکەی(٢,٨)، ملیار بەکارهێنەری تێپەڕاندووە، واتە(٣٦%)، کۆی دانیشتوانی جیهان، مەزەندە دەکرێت. ( ابراهیم، ٢٠٢٢)

تۆڕی فەیسبووک لە شوباتی(٢٠٠٤)، لەلایەن (مارک زوکەریێرگ)، لە زانکۆی هارڤارد دروستکراوە. تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بوو بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن؛ ئەمەش وایکرد گەشە بکات، بە خێرایی فراوان بێت بۆ بەدەستهێنانی جەماوەرییەکی زۆر، بەتایبەت لەنێو گەنجان و خوێندکارانی زانکۆدا. (غطاس، مقداد، ٢٠١٥، ص١٦)

فەیسبووک، یەکێکە لە ماڵپەرە بەناوبانگەکانی وێبی جیهانی، پێشەنگی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، ئەمڕۆ بووەتە پلاتفۆرمێکی مەجازی بۆ دەربرین، گەنجانی ئەمڕۆش وەک بەدیلێک بۆ لایەنە

سیاسییە بێتوانا و شکستخواردووەکان وەریانگرتووە. چەند ئامارێک گرنگی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەخەنە روو لەوانە، زیاتر لە(٢٠٠)، ملیۆن کەس بە بەکارهێنانی مۆبایل دەچنە ناو ماڵپەڕەکانەوە، (٤٨%)، گەنجان پێیانوابووە فەیسبووک بووەتە سەرچاوەیان بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ، هەر (٢٠)، خولەکێک لە فەیسبووک یەک ملیۆن لینک شەیر دەکرێت، دوو ملیۆن کەس وەک هاورێ وەردەگیرێن، نزیکەی سێ ملیۆن نامە دەنێردرێت. (بن ورقلة، ٢٠١٣، ص٢٠٤)

2- **یوتیوب**: یەکێکە لە ماڵپەڕە بەناوبانگ و گرنگەکانی پەیوەست بە ڤیدیۆ لە ئینتەرنێتدا، لە ساڵی(٢٠٠٥)، دەستپێکردووە. ( ابراهيم، ٢٠٢٢). بیرۆکەی دروستکردنی یوتیوب لە سێ کارمەندەوە هات: چاد هێرلی (ئەمریکی)، ستیف چێن (تایوانی)، و جاود کەریم (بەنگالی)، ئەوان لە کۆمپانیای (پەیال) کاریان دەکرد، و ئەو سێ کەسە ڕێککەوتن لەسەر پەرەپێدانی بیرۆکەکە، و لە... ٢٠٠٥ یوتیوب دامەزرا و سایتەکە لە شاری پارک مێنلۆ بوو.لە کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. (غطاس، مقداد، ٢٠١٥، ص١٦).

یوتیوب، لە ماوەیەکی کورتدا توانی پێگەیەکی بەرچاو لە نێو سایتەکانی سۆشیال میدیادا بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی بەهۆی ڕۆڵی کاریگەری لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە کە لە سەرانسەری جیهان ڕوویانداوە، لەوانە کارەساتە سروشتییەکان، بزووتنەوە و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان، شۆڕشەکان. چونکە ماڵپەڕەکە ڤیدیۆ و کلیپی جۆراوجۆر لەسەرئاستێکی فراوانی جیهانی بڵاودەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆر بینەری هەیە.(فیضی، 2020، ص593).

3- **تویتەر**: لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی وەک ئامرازێک بۆ مایکرۆبلۆگکردن دەرکەوت، کە ڕێگە دەدات بە نووسینی(٢٨٠)پیت لە هەر تویتێکدا لەبری( ١٤٠ )پیت. ( ابراهيم، ٢٠٢٢). لە مانگی ئازاری ٢٠٠٦ تویتەر لەسەر دەستی جاک دۆرسی و بیز ستۆن بیز و ئەڤیان ویلیامز دەرکەوت و تویتەر خزمەتگوزارییەکە لەلایەن Obvions، کە بنکەکەی لە کۆمپانیایەکی سەربەخۆیە بە ناوی تویتەر لە نیسانی ٢٠٠٧ دەستپێکردووە.(غطاس، مقداد، ٢٠١٥، ص١٦)

تویتەر سایتێکە کە خزمەتگوزاری مایکرۆبلۆگینگ پێشکەش دەکات، ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات نوێکاری دەربارەی دۆخی خۆیان بنێرن، بە زۆرترین(١٤٠)، پیت بۆ هەر نامەیەک، ئەم نوێکاریانە لە لاپەڕەی بەکارهێنەردا دەردەکەون، هاورێکانیش دەتوانن ڕاستەوخۆ لە پەیجی سەرەکی خۆیانەوە بیخوێننەوە یان سەردانی فایلە کەسییەکانی بەکارهێنەر، هەروەها دەتوانن وەڵام و نوێکاری وەربگرن.(بن ورقلة، ٢٠١٣، ص٢٠٤)

**5- تیۆرە شیکەرەوەکانی پەیوەندی نێوان میدیا و رای گشتی:**

تیورە کۆمەڵایەتییەکان، ئاماژەیەکن بۆ ئەو سیستەمە هزرییانەی کە زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و یەکیاندەخات و لە قاڵبێکدا دایاندەرێژێت، کەمانای ئەو چەمکانە بەرجەستە دەکات کە توێژەران لەمیانی توێژینەوە ئەکادیمیەکانیاندا دەیانخەنە روو. بۆیە تیورە سۆسیۆلۆژییەکان پشت بەو ڕێگا و شێوازە میتۆدییانە دەبەستن کەپەیوەستن بە لێکۆڵینەوەی بونیاد و سیستەم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە. تیورەکۆمەڵایەتییەکان پێویستە توانای لێکدانەوەی ئەو دیاردە و پەیوەندی و گۆڕانکاریانەی هەبێت کەپەیوەستن بەبابەتەکانیانەوە.(ئەلحەسەن 2012، ص170)

تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، توانایان هەیە کە پەیوەندیی ئەرگەراکانەی نیوان دیاردەیەکی دیار و ئاشکرا ڕێکبخەن؛ پرەنسیپەکان ڕاڤەبکەن و ئەو یاسانە شیبکەنەوە کە ڕیکیاندەخات؛ تیۆری زانستی ڕێژەییە و توانای هەمووارکردن و گۆڕانی تێدایە.( حەسەن 2012، ل22)

لەم روانگەیەوە، بە پێویستمانزانی، چەند تیورێک کە تایبەتن بە خستنەرووی پەیوەندی نێوان ئامرازە میدیاییەکان و رای گشتی بخەینە روو.

**1-5-تیۆری رێکخستنی کارنامە: (نظرية الاجندة - Agenda-Setting Theory )**

بیرۆکەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ لیپمان(Walter Lippmann)، کتێبەکەی (رای گشتی) لە ساڵی ١٩٢٢دا، کە پێیوایە میدیا یارمەتیدەرە بۆ بونیاتنانی تێروانینی هزری جەماوەر و زۆرجار ژینگەیەکی ساختە لە مێشکیاندا دروست دەکات، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان شێوازی پێشکەشکردنی بابەتەکان لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و لە نێوان ریزبەندی گرنگی ئەم بابەتانە بۆ شوێنکەوتوانی هەواڵەکان، دەبێت پەیوەندییەکی ئەرێنی هەبێت لە نێوان ئەولەویەتی پێشکەشکردن و ئەولەویەتی بەرژەوەندییەکانی بینەر کاتێک ئامرازێکی پەیوەندیکردن سەرنجی لەسەر بابەتگەلی دیاریکراو بێت، ئەوە واقیعێکە کە ئەو بابەتانە دەبن لە پێشەنگی بەرژەوەندییەکانی بینەر لە ئەنجامی بەرکەوتن بەم ئامرازە؛ ئەم تیۆرە وا گریمانە دەکات کە میدیا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە دارشتنی رای گشتی لە رێگەی کاریگەرییەکانی لەسەر جەماوەر و تیشک خستنە سەر ئەو پرسە تایبەتانەی کە لەلایەن میدیاوە وروژێنراون بۆ پاڵنانی خەڵک بۆ ئەوەی بیریان لێبکەنەوە بەبێ ئەوەی میکانیزمێک یان شێوازێکی بیرکردنەوە بەسەریاندا بسەپێنێت.( طماش، 2015، 28)

گریمانەکانی تیۆرییەکە دەڵێن کە گرنگیدانی خەڵک بۆ پرسێک بەدوای گرنگیدانی میدیاوە دێت و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە گرنگیپێدانەکانی میدیا، گۆڕانکاری لە گرنگیپێدانەکانی رای گشتیدا بەدوای خۆیدا دێنێت، واتا ریزبەندی پرسەکان و ئەولەویەتەکانیان لە پێشکەشکردندا لەلایەن میدیاکانەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر گرنگیپێدانی جەماوەر بۆیان و بەدواداچوونیان و دانانی لەنێو ئەولەویەتەکاندا. (صلوي، ٢٠١٢، 24-25)

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا توێژەران سەرنجی هێزی میدیایاندا لە ڕاکێشانی سەرنج بۆ پرسە تایبەتەکان بە بنیاتنانی وێنەیەکی گشتی لە سیاسەت و خستنەڕوویان وەک بابەتێکی پێشنیارکراوی ئەوەی کە تاک هەستی پێدەکات. ئەم بابەتانە کۆنترۆڵ کراون و وردە وردە بەرژەوەندییەکانی خەڵک ورووژێنن و وایان لێدەکەن کە درکیان پێبکەن و بیریان لێبکەنەوە و نیگەرانیان بکەن بۆیە ئەم بابەتانە نوێنەرایەتی گرنگییەکی زیاتر دەکەن بۆیان بە بەراورد بە بابەتەکانی دیکە کە میدیاکان نایانگرێتەوە. هەروەها، باوەڕی خەڵک بە گرنگی ئەم بابەتانە(زۆرجار)، زیاتر لەگەڵ شێوازی ڕووماڵکردنیان لە هەواڵەکاندا یەکدەگرێتەوە نەک پشتبەستن بە نیشاندەری واقیعی و واقیعی خەڵک لە میدیاکانەوە فێری ڕووداو و پرسە گشتیەکان نابن. بەڵکو گرنگییان لە ڕێکخستنەکانیان لە دەزگای ڕاگەیاندن دەزانێت. (مكاوي، السيد، ١٩٩٨، ٢٨٨ )

**2-5- تیۆری دووانە لێشاوی پەیوەندی (نظرية التدفق الثنائي للاتصال - two-step Flow theory of communication)**

تیۆری دووانە لێشاوی پەیوەندی، لە ماوەی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا؛ لە وەڵامی ئەو باوەڕە باوەی، بە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی میدیا لەسەر تاکەکان، لە ژێر ڕۆشنایی بڵاوبوونەوەی لێکدانەوەکانی پارادایمی ڕەفتار و تیۆرییەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆی میدیا، کە گرنگی ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو نەگرتبوو. پۆڵ لازارسفێڵد، پێشەنگی ئەم تیۆرەبوو، لە ڕێگەی توێژینەوەکانیەوە لە ئۆفیسی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لەسەر چەندین توێژینەوە کاریکردبوو.(Katz, E., & Lazarsfeld, P. (1955) ، p 75)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

کە لە ڕێگەیانەوە پشتڕاستی کردەوە کە میدیا کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەکردنی رای گشتی، لەهەمانکاتدا میدیا کاریگەرییەکانی لەسەر تاکەکان لەلایەن کەسانی دیکەی جیاوازەوە نێوەندگیری دەکرێت کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە نیو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا، کە ناوی لێنابوون(رابەرانی را).

بەم شێوەیە پەیوەندی لە میدیاوە بۆ تاکەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی بە دوو قۆناغەوە دەبێت قۆناغی یەکەم بەشێوەیەکی راستەوخۆ قۆناغی دووەم بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەرێگەی(رابەرانی را)؛ بەبەکارهێنانی کاریگەری پەیوەندی کەسی کە لەلایەن سەرکردەکانی بۆچوونەوە(رابەرانی را) پراکتیزەدەکرا، واتا لەم هاوکێشەیەدا میدیا وەک ئامرازێکی نێوەندگیری کاریکردووە بە گواستنەوەی ئاراستە و تێروانینەکانی(رابەرانی را) بۆ زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا؛ چونکە ئەوان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە داڕشتنی بۆچوونە تاکەکەسی و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی ئەندامانی کۆمەڵگا. (Noelle-Neumann, E ، 1993 .، p91)

زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕای گشتی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، توانایەکی ڕوونکردنەوەی قبوڵکراو دەدەن بە تیۆری ڕەوتی دووانەی پەیوەندیکردن؛ لە نێو ئەم تایبەتمەندییانەدا، کلتوری زارەکییە، کە پێگەی پەیوەندی کەسی بەهێز دەکات لە کاریگەریخستنە سەر رای گشتی، هەروەها دەسەڵاتی (سەرکردایەتی و بە مەزن سەیرکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە)؛ هەموو ئەمانە بیرۆکەی کاریگەریی(رابەرانی را)، لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکەن، بە بەکارهێنانی میدیا وەک ئامرازێکی نێوەندگیر لە پرۆسەی پێکهێنان و ئاراستەکردنی راوبۆچوونەکاندا، کە کاریگەری ڕای گرووپی لەسەر ڕای گشتی زیاتر دەکات.

**3-5- تیۆری خولگەی بێدەنگی: (نظرية دوامة الصمت - Spiral of silence theory)**

ڕەگ و ریشەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، کاتێک(ئەلیزابێس نیومان) گریمانە سەرەکییەکانی دارشت، ئەم تیۆرە تیۆرێکی دەروونی کۆمەڵایەتییە.(نصر، 2006، 11)

زۆرینەی توێژینەوەکان لەبواری پێکهاتنی رای گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە تیۆری خولگەی بێدەنگی یەکێکە لە گشتگیرترین تیۆرە زانستییەکان لە خستنەڕووی وەک تیۆرێکی واقیعی کە پرۆسەی پێکهێنانی ڕای گشتی ڕوون دەکاتەوە. تیۆری خولگەی بێدەنگی، لەسەر ئەو گریمانە سەرەکییە دامەزراوە کە هەرکاتێک میدیا بۆ ماوەیەک ئاراستەیەکی جێگیر و یەکگرتوو لەسەر پرسێک بگرێتەبەر، ڕای گشتی بە ئاراستەی خودی میدیادا دەڕوات. نیومان ڕوودانی ئەم کاریگەرییە میدیاییە لە ژێر رۆشنایی هەوڵی تاکەکان بۆ قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و ترسیان لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە.(عريق، 2018، 79 -78)

هەوڵی تاکە بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە ڕێگەی کۆدەنگییەوە و لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵاتیدا، لەگەڵیدا کارلێک بکەن. ئەمەش وا دەکات مرۆڤەکان دوور بکەونەوە لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان کاتێک پێیانوایە لە کۆمەڵگادا جەماوەری نین و پشتیوانییان لێناکرێت.(بخاش، 2019، 156)

ئەگەر تاکەکان پێیانوابوو کە بۆچوونی کەسیی خۆیان لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی کۆمەڵگادا یەکدەگرنەوە، ئەوا تاکەکان ئەگەری دەربڕینی بۆچوونەکانیان بە ئاشکرا زیاترە؛ نیومان وا گریمانە دەکات کە ئەندامانی گشتی لە هەوڵی زانینی ڕەوتە باوەکانی کۆمەڵگادا سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە شوێنکەوتنی میدیا دەبەستن لە هەڵسەنگاندنی کەشوهەوای باوی رای گشتیدا. هەر بۆیە لەو شوێنانەی کە میدیا بۆ ماوەیەک

ئاراستەیەکی جێگیر و یەکگرتوو لەسەر پرسێک بگرێتەبەر، ڕای گشتی بە ئاراستەی خودی میدیادا دەڕوات.(عریق، 2018، 78)

ئەم تیۆرە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە هەر کاتێک ڕای گشتی لە کۆمەڵگەیەکی خۆجێی لاوازبوو، مانای ئەوەیە کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە، پێیانوایە کە ڕابۆچوونەکانیان لەگەڵ زۆرینە یەکناگرێتەوە، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا لەگەڵ تێڕوانین و بۆچونەکانی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگادا یەکناگرێتەوە.

لێرەوە، تاوەکو چڕی دینامیکی هەر وەک دۆرکایم باسی دەکات لەو کۆمەڵگە خۆجەییەدا زیاتر بێت کە بە واتای بەهێزی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە زیاتر بێت، ئاستی هەست کردن و ئاڵوگۆڕی بیرورا زیاتر دەبێت بەمەش ڕای گشتی بەهێزتر دەبێت؛ بەپێچەوانەشەوە تاوەکو چڕی دینامیکی لاواز بێت ئاستی هەستکردن بەوەی کە راوبۆچونەکانیان لەگەڵ زۆرینەیەک ناگرێتەوە زیاتر دەبێت، بەمەش خولگەی بێدەنگی لەم کۆمەڵگایە زیاتردەبیت و رای گشتیش لاواز دەبێت؛ لێرەوە سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی کۆمەڵگا و هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش وەک بەشێک لە سیستەم ڕۆڵیان هەیە لە چڕکردنەوە یاخود بەهێزکردنی ئەم ڕای گشتییە لە نێو کۆمەڵگادا بونیان هەیە.

**5-4-ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی:**

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەناڵی پەیوەندی نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگان و بەمەش ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن لە داڕشتنی ڕای گشتی و کۆکردنەوەی گروپەکان و کۆکۆدنەوەیان لە دەوری هەندێک بیرۆکە و بۆچوون و ڕەوتی دیاریکراو؛ سۆشیال میدیا کاریگەری زیاتری بە خەڵک بەخشی، چونکە دەرفەتی دەربڕینی بیروبۆچونی بۆ هەمووان رەخساندووە لەم فەزای ئەلیکترۆنیەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕای یەکتر بکەن، هەروەها بیرۆکەکان بۆ جەماوەر و کارلێکی ئاڵوگۆری بەرامبەر بە پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگا بکەن، بەمەش هەرکەسێک کلیلی کۆنترۆڵکردنی سایتە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت، ئەوکەسەیە کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی ئەلیکترۆنی هەیە، بەتایبەتی ئەوەی کە لەم سایتانە سەرهەڵدەدات، دەتوانێت بەکۆمەڵ بەدەستبهێنێت، هەرچییەک بیەوێت لە هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆ و بۆچوونەکان بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساتێکدا بگات بە هەموو بەشداربوویەکی ئەم گروپانە.(ريغی، صالح 2022، ص791).

بەکارهێنانی بەربڵاوی ئینتەرنێت، لەلایەن هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تەنانەت هەژارترین چینەکانیش، بووەتە شۆڕشێکی میدیایی سەدەی بیست و یەکەم، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی کە ئێستا لە بوارە جیاوازەکاندا دەیگێڕێت، لەوانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و بازاڕکردن..هتد. سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە داڕشتنی ڕای گشتیدا. شایانی باسە سۆشیال میدیا توانیویەتی ئەم ڕەهەندە لە ڕووی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی بگرێتە خۆ، بەتایبەتی کە ڕای گشتی هاتۆتە سەر پێگە و پلەیەکی پێشکەوتوو، ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیش باشترین نموونەن. (العدوان 2023، ص1333)

تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی، وایکردووە لە حاڵەتی کارلێککردندا بێت لەگەڵ بڕیاردەران و کاریگەرەکان لە داڕشتنیان بۆ ڕای گشتی، لە ڕێگەی هەژماری سۆشیال میدیاکانیانەوە، بەبڵاوکردنەوەی بابەتگەلێک کە دەست دەخاتە سەر ڕووداوە گرنگەکانی وڵات و هەوڵدانیان بۆ کاریگەریکردن لەسەر کۆمەڵگا، بەمەش ڕوداو دروستدەکەن، ئاراستە لەنێو ئەو تاکانەدا دەگۆڕن کە پەیڕەویان لێدەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لە قاڵبدانی ڕای گشتی و بەدەستهێنانی

ژمارەیەکی زۆر لە فۆڵۆوەرەکان، هەروەها ئەوەی کە لە دروستکەری ناوەڕۆکەوە لە سۆشیال میدیادا بۆ کاریگەرەکان دابین دەکات بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە بە قەبارەیەکی فراوانتر ئەنجامبدەن. (ابتسام، خديجة 2022، ص47).

سۆشیال میدیا، ڕۆڵی خۆی بینیوە لە داڕشتنی بیروڕای گشتی و کۆکردنەوەی بیرۆکە و ڕەوتەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە بە کات و شوێن سنووردار نەکراون؛ ئەمەش بووەتە هۆی جوڵەی بەکارهێنەران و جەماوەر لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو بابەتانەی لە سۆشیال میدیادا وروژێنراون.

سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دابینکردنی فەزای تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە ڕێگەیەوە وروژێنراون، ڕێگە بە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەدات لە ڕێگەی گفتوگۆی مشتومڕاوی و نزیککردنەوەی دیدگا جیاوازەکانەوە، کە لە ئەنجامدا بینەرێکی هۆشیار کۆدەکاتەوە لە دەوری ئەو بابەتەی کە باسی لێوە دەکرێت. پاشان ڕای گشتی لەسەری دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەو راوبۆچوونانەی بەئاشکرا ناتوانرێت لە واقیعدا دەرفەتی دەربڕینی پێبدرێت. (ابراهيم 1996، ص35)

ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و دیجیتاڵ میدیا، وایانکردووە کۆمەڵگاکان لەڕووی کولتوورییەوە کراوەبن و بەکارهێنەرانی کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەکترەوە؛ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە داڕشتنی ڕای گشتی لەسەر بابەتێک. یان هەڵوێستێکی دیاریکراو؛ ئەم کاریگەرییانە لەسەر بڕیاردەران و گۆڕینی توانا و بیروباوەڕەکانیان، وەک دیجیتاڵ میدیا ڕۆڵی چارەسەرکردنی ئەو بەستەرە دەگێڕێت کە ڕای گشتی بە بڕیاردەرەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بەهێزی کاریگەریی جۆری میدیاکە جیاوازە لە ئەویتر بەپێی بەکارهێنانی بینەران، بۆیە تا زیاتر ژمارەی بەکارهێنەر و ژمارەی بینەران زیاتربێت، کاریگەرییەکەی زیاد دەکات.(العتيبي ٢٠٢١، ص98)

میدیای نوێ و ئامرازەکانی زۆر و جۆراوجۆرن بەتێپەربوونی کات، هەمەچەشنتر و تێکەڵاوتردەبن. لە نێو ئەو ئامرازانەدا، وێستگەی تەلەفزیۆنی کارلێککاری، کەیبڵی دیجیتاڵی، ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، مەکۆی گفتوگۆ، بلۆگ، ماڵپەڕی کەسی، دامەزراوەیی و بازرگانی، سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڤیدیۆ کلیپ، ڕادیۆی دیجیتاڵی، تۆڕی بەکارهێنەری مەجازی، گروپی پۆستە و ئەوانیتر، جگە لە مۆبایلەکان کە ڕادیۆی دیجیتاڵی دەگوازنەوە، پەخشی تەلەفزیۆنی کارلێک، سایتەکانی ئینتەرنێت، میوزیک، ڤیدیۆ کلیپ، بازرگانی ستۆک، بارودۆخی کەشوهەوا، جوڵەی فڕین، نەخشە، گروپی نامەی کورت و مالتیمیدیا. یەکێک لە گرنگترین ستراتیژییەکان کە لە داڕشتنی بیروڕای گشتی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەکاردێت بریتییە لە گرنگیدان بە دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی گروپە ئامانجدارەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی بەرهەم و بیرۆکەکە، داڕشتنی بۆ پێشکەشکردنی بۆ خەڵک بە شێوەیەک کە وایان لێبکات کارلێک لەگەڵیدا بکەن و بۆچوونەکانیان لەسەری پێشکەش بکەن؛ بەجۆرێک کە وۆرکشۆپێکی کراوە بێت بۆ پێکهێنانی بۆچوون کە ڕێگە بە ڕەوتەکان، کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان دەدات، بۆچوونەکان و سەرنجەکانی کۆمەڵگاکە لەسەر بەرهەمەکە یان بیرۆکەکە کۆبکاتەوە؛ خزمەتگوزارییەکی بێبەرامبەر بۆ هەموو لایەنەکان پێشکەشدەکات بەمەش بەشێوەیەکی دەستبەجێ و خێرا لەگەڵیدا کارلێک دەکەن.(حمدوش، دعاس ٢٠٢٠، ص165)

لێرەوە دەکرێ ئەوە بزانین کە ڕووداوەکان گۆڕانکارییەکی چۆنایەتییان لە سروشتی ئەم تۆڕانەدا هێناوەتە ئاراوە، بە گۆڕینی لە پەیوەندی مەجازییەوە بۆ واقیعێکی زیندوو. هەرچەندە ئەم میدیایانە لە سەرەتادا بە جیهانی مەجازی ناویان دەبرد، بەڵام لەڕووی پەیوەندی نێوان کەسانی

بەشداربووەوە کە جیاوازە لە جۆری ئاسایی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، بەڵام سەلماندوویانە کە لە واقیعی زیندوو دابڕاو نین، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا، وێنەیەکی ئەم واقیعەیان پێکهێناوە کە توێژەران دەتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ هەستکردن بە جوڵەی شەقام و ئەندامانی کۆمەڵگا.( معتوق، 2017)

ئەو ڕۆڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم ڕووەوە دەیگێڕن، گرنگی پرۆسەی ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە پێنج ڕەهەنددا دیاری دەکات: پێدانی زانیاریی پێویست بۆ ڕای گشتی، ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و خستنەڕوویان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە، دەرهێنانی زانیارییە بەسوودەکان لە مادەی ڕیکلام لە ڕێگەی دووبارە خستنەڕووی ئەوەی میدیاکان دەیڵێن لەسەر بابەتی وروژێنراو بە شێوەیەکی سادە، شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە لایەن هەموو میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە، خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە بەرهەمهێنانی پرسەکە، و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر.(عبدالمالک، محمد 2020، ص62).

بە ئاماژەدان بە بەراوردکاری نێوان میدیای بینراو و چاپکراوی کلاسیکی و توانای دارشتنی بیروڕای گشتی و بەهادان بەم جۆرە میدیایە تازە سەرهەڵداوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم میدیایە کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرا، تارادەیەک بریقە کۆنەکەی لەدەستداوە کە بە درێژایی مێژوو بەدەستی هێناوە لە بەرژەوەندی سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش لە ئیرەیی یان هەر هۆکارێکی ترەوە نییە، بەڵام بەسە کە میدیای کلاسیک، لەوانەش ڕۆژنامە و کەناڵە مانگی دەستکردەکان، لە ژێر چاودێری هەندێک لایەندا بن. جگە لەوەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی هاوسەنگی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی وڵاتە جیاوازەکاندا، ڕەهەندێکی نوێیان بەدەستهێناوە کە ڕەنگە لەکاتی دامەزراندنیاندا پێشبینی نەکرابێت. ڕەنگە بەکارهێنانی توانای کۆکردنەوەیان و توانای کۆکردنەوەی دەروونەکانیان بە گرنگیدان بە گێڕانەوەی ڕاستییە تایبەتەکان و وردەکارییان بە دەنگ و وێنە و وشە، زۆرجار پێشەکییەک بووبێت بۆ دەستپێکردنی کردار لە دەرەوەی سروشتی مەجازی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە.

لە دەرەنجامدا دەتوانین بڵێین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هێزێکی کارا، لە شێوەپێدانی ڕای گشتی لە سەردەمی ئێستادا. ئەم پلاتفۆرمانە دەرفەتی ئەوە دەدەن کە هەواڵ و زانیاری بە خێرایی بڵاوببنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتە جیاوازەکان سەرهەڵبدات، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی بڵاوبوونەوەی هەواڵە هەڵەکان و پڕۆپاگەندەش لەخۆدەگرن.

یەکێک لە گرنگترین ڕۆڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە دەنگی خەڵکی ئاسایی بەرز دەکەنەوە و ڕێگا بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە گفتوگۆی گشتی دەدەن. بەکارهێنەران دەتوانن بیروڕاکانیان بڵاوبکەنەوە، کەمپینی کۆمەڵایەتی ڕێکبخەن، و کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دروست بکەن. ئەمەش پرۆسەی دیموکراسی پتەوتر کردووە و دەسەڵاتی میدیای نەریتیی کەمکردووەتەوە.

هەروەها، ئەلگۆریتمەکانی ئەم تۆڕانە زۆرجار ناوەڕۆکی جێگرتوو پێشکەش دەکەن کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی بەکارهێنەر دەگونجێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە تێیدا خەڵک تەنها زانیاری هاوشێوە لەگەڵ بیر وراکانیان دەبینن. هەروەها بۆتە و هەژمارە جۆراوجۆرەکان، دەتوانن ڕای گشتی بە شێوەیەکی دەستکاری بکەن و ڕەوشتی دروست دەربارەی پشتیوانی یان دژایەتی بابەتێکی دیاریکراو دروست بکەن.

لە کۆتاییدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی کاریگەرن دەتوانن هۆشیاری گشتی بەرز بکەنەوە و گۆڕانکاری ئەرێنی دروست بکەن، بەڵام پێویستیان بە بەکارهێنانێکی ئاگایانە و ئیتیکی میدیایی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانیان کەمبکرێتەوە.

**6-ئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە.**

**6-1-ئەنجامی توێژینەوەکە:**

1- تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، توانای ئاراستەکردنی ڕای گشتییان هەیە؛ بە هۆی بوونی سیستەم و ئەلگۆریتمی تایبەتی کە بە پێی ئارەزووەکانی بەکارهێنەر زانیاری دیاریکراو نیشان دەدەن، ئەمەش بابەتێکی دیاریکراو لە ڕای گشتیدا بەهێزتر دەکات.

**2**- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانای بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانیان لە کاتێکی کەمدا هەیە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی هەیە.

**3**- بەکارهێنەران زۆرجار تەنها لەگەڵ ئەو کەسانە کارلێک دەکەن کە هەمان بۆچوونیان هەیە، بەمەش سۆشیال میدیا ئامرازێکی کاریگەرە لە کۆکردنەوەی بیروڕای گروپە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکان.

4- لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەسایەتییە بەناوبانگەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانای کاریگەریکردن لەسەر ڕای ملیۆنان کەسیان هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

**5**- ئاسانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختە لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، مەترسییەکی گەورە لەسەر دروستی ڕای گشتی دروست دەکات.

**6**- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هەڵبژاردنەکان و بڕیارە سیاسییەکاندا هەیە، بە هۆی کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی.

7- سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی وەرگرتنی زانیاری، ئەندامانی کۆمەڵگای سەردەمی ئێستا، زیاتر پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن وەک سەرچاوەی یەکەمی زانیاری لە جیاتی میدیا نەریتییەکان.

8- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئامرازێکی گرنگن بۆ دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا؛ تاوەکو بتوانن ڕای خۆیان دەربڕن و لە گفتوگۆ گشتییەکاندا بەشداری بکەن.

9- لە ڕێگەی ئامرازە بەردەستەکانی وەک لایک، کۆمێنت، شێر کردنەوە؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی بە شێوەی خێرا و ڕاستەوخۆ.

**6-2- پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:**

1- پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت، چاودێرییەکی زیاتر بخەنە سەر، ئەو ماڵپەرانەی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە شیرازەی کۆمەڵگا تیکدەدەن، ڕای گشتی چەواشە دەکەن، کە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەرچاوی بەکارهێنەران دەکەون؛ چونکە وەک لە توێژینەوەکەماندا دەردەکەوێت ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی خەڵک.

2- گرنگیدان بە دامەزراندنی سیستەمێکی زانستی، بۆ پێوانەکردنی چۆنیەتی پێکهێنان و گۆڕانی ڕای گشتی، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

3- دڵنیابوون لەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی یەکسان دەدەن بە هەموو ڕوانگە و بیروڕا جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە ئەندامانی کۆمەڵگا، ڕێگریکردن لە پێکهێنانی دەوریداخراو، کە تەنها یەک جۆر ڕای لە خۆدەگرێت.

4- بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەت، بە چۆنیەتی ناسینەوەی ڕێکار و تەکنیکەکانی کاریگەری دەروونی، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنن بۆ ئاراستەکردنی رای گشتی، فێرکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا، چۆن بتوانن خۆیان بپارێزن، لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوەیان، بەشێوەیەکی ناتەندروست.

**5**-هەوڵدان بۆ دروستکردنی میکانیزمەکانی بەشداریکردنی خەڵک، لە پرۆسەی پێکهێنانی ڕای گشتی، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە، وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕای ڕاستەقینەی کۆمەڵگا، نەک تەنها وەک ئامرازی کاریگەری لەسەریان.

3-6- **ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

**1**- ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە ئەوەی بەکارهێنەرانی کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، چۆن کاردانەوە نیشاندەدەن بەرامبەر بە جۆرە جیاوازەکانی ناوەڕۆک؛ کام شێوازەکانی پەیامگەیاندن کاریگەرترن لەسەر پێکهێنانی بۆچوونەکانیان؛ ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە سەبارەت بە تێگەیشتنی قووڵتر لە میکانیزمەکانی کاریگەری؛ بەمەبەستی بەکارهێنانی باشتر و کاریگەری ئەرێنی زیاتر لەم تۆڕانە لە داهاتوودا.

**2**- هەوڵدان بۆ توێژینەوەی قووڵتر سەبارەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی، بەتایبەت لە نێو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەک گەنجان، پیران، ئافرەتان، پیاوان، خستنە ڕووی گرنگترین ئەو جیاوازیانەی لە شێوەی وەرگرتن و کاردانەوە لە بەرامبەر زانیاریەکان لە نێوان ئەم توێژانەدا لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**3**-توێژینەوەی زیاتر بکرێت سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان، میدیا نەریتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕووبەڕووبونەوە و بەڕێوەبردنی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**4**- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی کاریگەرین، بۆیە پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەک (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، پەروەردەیی...هتد).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## سەرچاوە زانستییەکان

### سەرچاوە کوردییەکان(کتێب):

١. بۆکانی، پ.د سابیر، ٢٠٢٠، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
٢. حەسەن دکتۆر ئەحسان محمد ٢٠١٢، تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان، وەرگێرانی: دیدار ئەبو زەید، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
٣. شوانی، محمد حسین. (٢٠١٥)، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی:هەولێر.
٤. محمد، فائیز ئیبراهیم. بنەماکانی کۆرەفتار. چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر .
٥. ئەلحەسەن، د. ئیحسان محمد ٢٠١٢، ئینسایکلوپیدیای کۆمەلناسی، وەرگێر: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.

### سەرچاوە عەرەبییەکان(کتێب):

١. ابراهيم، امام، ١٩٩٦، الاعلام و الاتصال بالجماهير، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
٢. صلوي، عبدالحافظ عواجي (٢٠١٢)، نظريات التأثير الإعلاميّة، جامعة الأمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض: المملكة العربيّة السعودية.
٣. معتوق، ازدهار، ٢٠١٧، تجمع العلماء المسلمين في لبنان، تم الاسترداد من مواقع التواصل الاجتماعي و صناعة الراى العام: :http://tajamoo.com/wehda/httpdos/issues/181/izmaatook.htm
٤. مكاوي، حسن عماد، السيد، ليلى(١٩٩٨). نظريات الاتصال، ط١، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

### سەرچاوە عەرەبییەکان(نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا):

١. ابتسام، طبى، خديجة، طى، ٢٠٢٢، دور صناع المحتوى عبر المواقع التواصل الاجتماعي في تشكيل الراى العام، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم العلوم الاعلام و الاتصال، كليه العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد بوضياف- المسيلة.
٢. الشهرى، حنان بنت شعشوع،٢٠١٢، اثر استخدام شبكات التواصل الاليكترونية على علاقات الاجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاجتماع و الخدمة الاجتماعية، كلية الاداب و العلوم الانسانية، جامعة الملك عبدالعزيز.
٣. طماش، لارا خالد، ٢٠١٥، درجة إدراك الرأي العام الأردني للتضليل الإعلامي من وجهة نظر قادة الرأي، رسالة الماجستير، كليّة الإعلام / جامعة الشرق الأوسط.
٤. عبدالمالك، خوليفة، محمد، حمادى، ٢٠٢٠، وسائل التواصل الاجتماعى و دورها فى تشكيل الراى العام، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة زيان عاشور الجلفة، الجزائر.
٥. غطاس، جميلة، مقداد، كريمة (٢٠١٥)، دور وسائل التواصل الاجتماعي في التحول الديمقراطي في دول الربيع العربي دراسه وصفيه حاله تونس ومصر، رسالة الماجستير اكاديمي،

التخصص تكنولوجيا الاتصال الجديد، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعي، قسم علوم الاعلام والاتصال.

٦. يمينة، عرباوى، ٢٠٢١، دور المؤثرين على مواقع التواصل الاجتماعى فى قيادة الراى العام فى الجزائر، رسالة ماجستير غيّر منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، جامعة قاصدى مرباح ورقلة.

**سەرچاوە عەرەبییەکان(توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان)**

١. ابراهيم، سمر، 2022، دور وسائل التواصل الاجتماعي في الازمات السياسية والحروب، موقع شؤون عربية، مجلة قومية فصلية تصدر عن الامانه العامة لجامعة الدول العربية، قسم الدراسات.

٢. الجاسور، د أثير ناظم، اثر العوامل الاجتماعية على السياسة الخارجية: الرأى العام انموذجا، مجلة دراسات دولية، العدد: الثالث و التسعون، ٢٠٢٣، ص-ص ٢٨٥-٣٠٧.

٣. الجبوري، خيرالله سبحان عبدالله، دور مواقع التواصل الاجتماعي في ثورة(٢٥يناير ٢٠١١) المصريه، مجلة تكريت للعلوم السياسية مجلة علمية دورية محكمة المجلد(٢)، السنة(٢)، العدد(٢)، آذار(٢٠١٥)– .

٤. العتيبى، نوف خالد، ٢٠٢١، دور مواقع التواصل الاجتماعى فى تشكيل اتجاهات الراى العام السعودى نحو تولى المرأة للمناصب القيادية(تويتر انموذجا). مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد(٥)، العدد(٤)، ص ص 90-111. .

٥. العدوان، على فواز طلال، ٢٠٢٣، المجلة العلمية للبحوث و الدراسات التجارية، المجلد ٣٧، العدد الثانى، ص ص 1327-1365.

٦. بخاش، د.عبدالله عمر، ثقافة الحوار و الاختلاف فى ضوي دوامة الظمت، الاعلام و السلم الاهلى، بحوث المؤتمر العلمى السنوى الثانى عشر، ٢٣-٢٢ كانون الاول- ديسمبر ٢٠١٩.

٧. بن ورقلة، ناجدية، درو شبكات التواصل الاجتماعى فى تنمية الوعى السياسى والاجتماعى لدى الشباب العربى ، مجلة دراسات وابحاث الحلقة ، عدد ١١ ، الجزائر، ٢٠١٣ ، ص ص -235 .215

٨. توفيق، ميمي، محمد، عبدالمنعم، شبكات التواصل الاجتماعي -النشاة والتاثير، مجلة كليهة التربية، جامعة عين شمس، العدد(٢٤)، الجزء (٢)، السنة(٢٠١٨).

٩. جاسم, وسام صالح عبد الحسين ٢٠٢٠. الراى العام و اثره فى السياسات العامة للدولة. مجلة العلوم الانسانية /كلية التربية للعلوم الانسانية / المجلد ٣٧/العدد الرابع.

١٠.حمدوش، رياض، دعاس، احمد، ٢٠٢٠، وسائل التواصل الاجتماعى و دورها فى تعبئة الراى العام العالمى و فى الحد من انتشار وباء كورونا(كوفيد – ١٩)، المجلة الجزائرية لبحوث الاعلام و الراى العام، المجلد(٠٣)، العدد(٠١)، ص ص 160-173.

١١.ريغى، خديجة، صالح، فلاق شبرة ٢٠٢٢، الشبكات الاجتماعية و دورها فى تشكيل الراى العام، مجلة العلوم القانونية و الاجتماعية، جامخة زيان عاشور بالجلفة، ص-ص ٧٩٤-٧٨٣، الجزائر.

١٢.عابد، زهير ٢٠١٢، دور شبكات التواصل الاجتماعى فى تعبئة الراى العام الفلسطينى نحو التغير الاجتماعى و السياسى – دراسة وصفية تحليلية، مجلة جامعة النجاح للابحاث(العلوم الانسانية)، مجلد ٢٦(٦)، ص-ص ٤٢٨-٣٨٨.
١٣.عريق، د.لطفية، ٢٠١٨، قراءة فى نظريات الاعلام المفسرة لتشكيل الرأي العام، مجلة المجتمع و الرياضة، المجلد:١، العدد:٢، ص-ص 68-82.
١٤.فيضى، انمار وحيد، ٢٠٢٠، مواقع التواصل الاجتماعى و تاثيرها فى تشكيل الراى العام ازاء القضايا السياسية، مجلة الاداب، ملحق العدد ١٣٤. ص ص 535-552.
١٥.نصر، د. حسنى محمد، بريد القراء والتعبير عن الرأي العام في ضوء نظرية دوامة الصمت، المجلة المصرية للبحوث الراي العام، المجلد السابع، العدد الاول، يناير- يونيو ٢٠٠٦ .

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان(کتێب):**

1. Katz, E., & Lazarsfeld, P. (1955). Personal Influence: The Part Played by People in the Flow of Mass Communications. Free Press.
2. Noelle-Neumann, E. (1993). The Spiral of Silence: Public Opinion—Our Social Skin. University of Chicago Press.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان(توێژینەوەی زانستی):**

1. Price, V. & Neijens, P. 1997. OPINION QUALITY IN PUBLIC OPINION RESEARCH. International Journal of Public Opinion Research. 9(4), 336–360. DOI: 10.1093/ijpor/9.4.336. http://tajamoo.com/wehda/httpdos/issues/181/izmaatook.htm
2. Swastiningsih, Aziz, Abdul & Dharta, Yuni 2024. The Role of Social Media in Shaping Public Opinion: A Comparative Analysis of Traditional vs. Digital Media Platforms. The Journal of Academic Science. 1(6), 620–626. DOI: 10.59613/fm1dpm66. The Role of Social Media in Shaping Public Opinion: A Comparative Analysis of Traditional vs. Digital Media Platforms | The Journal of Academic Science

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

**Scientific sources**

Kurdish Sources(Books:(

.١Bokani, Prof. Sabir, 2020, Scientific Research Methods, Second Edition, Chawarchra Publishing House, Sulaimani, Kurdistan Region.

.٢Hassan Dr. Ahsan Mohammed 2012, Advanced Social Theories, translated by: Didar Abu Zaid, Rojhelat Printing House, Erbil.

.٣Shepherd, Mohammed Hussein. (2015), Introduction to Writing Research in Sociology, Hevi Printing House: Erbil.

.٤Mohammed, Faiz Ibrahim. Principles of Core Behavior. Rojhelat Printing House- Erbil.

.٥Al-Hassan, Dr. Ihsan Mohammed 2012, Encyclopedia of Sociology, Translator: Dana Mullah Hassan, Sardam Publishing House, Sulaimani, Kurdistan.

Arabic sources (books:(

.١ Ibrahim, Imam, 1996, Media and Mass Communication, Anglo-Egyptian Library, Cairo.

.٢Salawi, Abdul-Hafiz Awaji (2012), Theories of Media Influence, Imam Muhammad ibn Saud Islamic University, Riyadh, Saudi Arabia.

.٣Maatouq, Izdehar, 2017, The Muslim Scholars Gathering in Lebanon, retrieved from social media and the formation of public opinion: http://tajamoo.com/wehda/httpdos/issues/181/izmaatook.htm

.٤Makawi, Hassan Imad, and Al-Sayed, Laila (1998). Communication Theories, 1st ed., Egyptian-Lebanese House, Cairo.

Arabic sources (master's thesis and doctoral thesis):

1. Ibtisam, Tabi, Khadija, Tay, 2022, The Role of Content Creators on Social Media in Shaping Public Opinion, Unpublished Master's Thesis, Department of Media and Communication Sciences, Faculty of Humanities and Social Sciences, Mohamed Boudiaf University - M'sila.

2. Al-Shahri, Hanan Bint Shaashou, 2012, The Impact of Using Electronic Communication Networks on Social Relations, Unpublished Master's Thesis, Department of Sociology and Social Work, Faculty of Arts and Humanities, King Abdulaziz University.

3. Tamash, Lara Khaled, 2015, The Degree of Jordanian Public Opinion's Perception of Media Misinformation from the Perspective of Opinion Leaders, Master's Thesis, Faculty of Media / Middle East University.

4. Abdelmalek, Khelifa, Mohamed, Hammadi, 2020, Social Media and its Role in Shaping Public Opinion, Unpublished Master's Thesis, Faculty of Social and Human Sciences, Ziane Achour University of Djelfa, Algeria.

5. Ghatas, Jamila, Mekdad, Karima (2015), The Role of Social Media in Democratic Transition in the Arab Spring Countries: A Descriptive Study of Tunisia and Egypt, Academic Master's Thesis, Specialization: New Communication Technologies, Kasdi Merbah University of Ouargla, Faculty of Social and Human Sciences, Department of Media and Communication Sciences.

6. Yamina, Arabawi, 2021, The Role of Social Media Influencers in Leading Public Opinion in Algeria, Unpublished Master's Thesis, Faculty of Social and Human Sciences, Department of Media and Communication Sciences, Kasdi Merbah University of Ouargla.

Arabic sources (scientific journal research)
1. Ibrahim, Samar, 2022, The Role of Social Media in Political Crises and Wars, Arab Affairs website, a quarterly national journal published by the General Secretariat of the League of Arab States, Studies Department.

2. Al-Jassour, Dr. Atheer Nazim, The Impact of Social Factors on Foreign Policy: Public Opinion as a Model, International Studies Journal, Issue: 93, 2023, pp. 285-307.

3. Al-Jubouri, Khairallah Subhan Abdullah, The Role of Social Media in the Egyptian Revolution of January 25, 2011, Tikrit Journal of Political Science, a peer-reviewed scientific journal, Volume (2), Year (2), Issue (2), March (2015).

4. Al-Otaibi, Nouf Khalid, 2021, The Role of Social Media in Shaping Saudi Public Opinion Trends Regarding Women Assuming Leadership Positions (Twitter as a Model). Journal of Humanities and Social Sciences, Volume (5), Issue (4), pp. 90-111.

5. Al-Adwan, Ali Fawaz Talal, 2023, Scientific Journal of Business Research and Studies, Volume 37, Issue 2, pp. 1327-1365.

6. Bakhsh, Dr. Abdullah Omar, The Culture of Dialogue and Difference in Light of the Vortex of Injustice: Media and Civil Peace, Research

Papers of the Twelfth Annual Scientific Conference, December 22-23, 2019.

7. Ben Warqla, Najdiya, The Role of Social Media Networks in Developing Political and Social Awareness among Arab Youth, Journal of Studies and Research of Al-Halqa, Issue 11, Algeria, 2013, pp. 215-235. 8. Tawfiq, Mimi, Muhammad, Abdul-Munim, Social Media Networks - Origins and Impact, Journal of the Faculty of Education, Ain Shams University, Issue (24), Part (2), Year (2018).

9. Jassim, Wissam Saleh Abdul-Hussein, 2020. Public Opinion and its Impact on State Public Policies. Journal of Human Sciences / Faculty of Education for Human Sciences / Volume 37 / Issue 4.

10. Hamdoush, Riyad, Daas, Ahmed, 2020, Social Media and its Role in Mobilizing Global Public Opinion and in Limiting the Spread of the Coronavirus (COVID-19) Pandemic, Algerian Journal of Media and Public Opinion Research, Volume (03), Issue (01), pp. 160-173.

11. Righi, Khadija, Saleh, and Fellaq Shabra, 2022, "Social Networks and Their Role in Shaping Public Opinion," *Journal of Legal and Social Sciences*, Ziane Achour University of Djelfa, Algeria, pp. 783-794.

12. Abed, Zuhair, 2012, "The Role of Social Media Networks in Mobilizing Palestinian Public Opinion Towards Social and Political Change – A Descriptive and Analytical Study," *An-Najah University Journal for Research (Humanities), Vol. 26(6), pp. 388-428.

13. Ariq, Dr. Latifa, 2018, "A Reading of Media Theories Explaining the Formation of Public Opinion," *Journal of Society and Sports*, Vol. 1, No. 2, pp. 68-82. 14. Faydi, Anmar Wahid, 2020, Social Media and its Impact on Shaping Public Opinion Regarding Political Issues, Al-Adab Journal, Supplement to Issue 134, pp. 535-552.

15. Nasr, Dr. Hosni Muhammad, Readers' Letters and the Expression of Public Opinion in Light of the Spiral of Silence Theory, Egyptian Journal of Public Opinion Research, Volume 7, Issue 1, January-June 2006.